# بەشداربوونی کۆمپانیای "بی پلان" لە پێشانگای دارایی و ژمێریاریدا

کارزان عارف

کۆمپانیای بی پلان (B-PLAN)، کە دوو برای کوردی باشووری کوردستان (شێرکۆ عابد و فەرهاد عابد) لە ساڵی ١٩٩٣ەوە دایانمەزراندووە و بنکەکانی




شێرکۆ عابد و فەرهاد عابد

لە شاری مانچستەر و بەیزنگستۆکی بریتانیایە، داهاتی ساڵانەی لە ٥ ملیۆن پاوەند زیاترە.
«بی پلان» بە یەکێک لە سەرکەوتووترین کۆمپانیای مامناوەندی دەژمێردرێت لە بازاڕی سیستەمی دارایی و خزمەتگوزاریدا و دوو ساڵ لەمەوبەر بە یەکەمی ئەو کۆمپانیایانەی باکووری ئینگلتەرە ناوزەد کرا کە خێراترین گەشەیان کردووە.
ساڵی پار «بی پلان»، وەک هەنگاوێک بۆ برەوپێدان و پەرەپێدانی کۆمپانیاکە، ئەپتۆس «Aptos» کە پرۆگرامێکی داراییە لە کۆمپانیای وڵکەر «Walker»ی ئەمریکایی کڕیوە بە (£١,٦) یەک ملیۆن و شەش سەد هەزار پاوەند. ئەپتۆس بەرنامەیەکی دارایی دەفرۆشێت کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زانکۆ و پۆلیس و نەخۆشخانە و کارفۆن و وێرهاوس و دەسگا گرنگەکانی بریتانیادا بە کار دەهێنرێت و هەردوو کەرەسەی دارایی و «باج»یشی گرتۆتە بەر.

کۆمپانیایی «بی پلان»ی تایبەت بە سیستەمەکانی زانیاریی لە بەشداربووە سەرەکییەکانی پێشانگای دارایی و ژمێریاری بوو کە لە ڕۆژانی ١٧-١٨ مانگی ئۆکتۆبەریی ٢٠٠١ لە هۆڵی ژمارە ٢٠ لە سەنتەری پێشانگا نیشتمانییەکان لە شاری بێرمینگهام سازکرا.

ئەم پێشانگایە کە تەمەنی دە ساڵە، لە وەرزی پاییزی هەموو ساڵێکدا لە بێرمینگهام و وەرزی بەهار لە لەندەن دەکرێتەوە و بە سەرەکیترین بۆنەی کار و سۆفتوێر دەژمێردرێت کە تایبەتە بە پیشەی دارایی و ژمێریاری. مەبەست لەم سۆفتوێرە یارمەتیدانی کارمەندەکانی ئەم بوارەیە بۆ ئەوەی توانایان کارامەتر و چالاکانەتر بێت و ئامادەیی زیاتریان هەبێت بۆ بەشداربوون لە پێشبڕکێدا.
بەرپرسانی ئامادەکردنی ئەم پێشانگایە دەڵێن: زیاتر لە "٧٠٠٠٠" حەفتا هەزار کۆمپانیا سوودیان لە ئامادەبوونی پێشانگاکە کردووە کە لەناویاندا چەند کۆمپانیایەکی بەناوبانگی تێدایە. زیاتر لە ١٠٠ فرۆشیار، تازەترین داهێنایان لەم بوارەدا خستۆتە بەر دەست کە ئەمەش بە گەورەترین کۆبوونەوە لە بواری پیشەسازیی دارایی و ژمێریاری دەژمێردرێت، لەپاش پێشانگای وەرزی بەهاری ڕابردوو کە لە لەندەن گیرا.
سەرباری ئەمەش پێشانگاکە چەند چالاکییەکی دیکەی بە خۆوە بینی وەک هەندێ کلاسی سەرەکی کە لەلایەن کەسانی وەک ئەندرسن و "KMPG" بەرێوە چوو لەگەڵ گرتنی هەندێ سیمینار.
ئەمە سێیەمین جارە کۆمپانیایی بی پلان بەشداریی ئەم پێشانگایە دەکات دوابەدوای دەستکەوتنی سیستەمە داراییەکانی ئەپتۆس لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا. بەشداربوونی ئەم جارەی بی پلان زۆر بەرچاو بوو بە شێوەیەک بووە مایەی سەرنجڕاکێشانی خەڵکانێکی زۆر، هەروەها بی - پلان ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخان کرابوو بۆ بەستنی سیمینار.
کاک شێرکۆ عابد بەرێوەبەری ڕاپەراندی کارەکانی بی پلان وتی:




ستۆڵی بی پلان لە پێشانگەکەدا ـ تایبەت بە پەیام

"ئەم پێشانگایە، بۆ ئێمە، زۆر بەسوود بوو، هەروەها زۆر گرنگ بوو خەڵک ئەو ئاستە ببینن کە بی پلان لە ماوەیەکی کورتدا پێیگەیشتووە، بەتایبەتی کە هەندێ لەوانەی پێشبرکێ لەگەڵمان دەکەن لە هەوڵی بێوچاندان. توانیمان چەندان شتومەکی نوێ بەرهەم بهێنین و کۆنتراکتی تازە بگرین. بڕوای تەواومان هەیە دەتوانین کاری تازە لە مەودای کورت و درێژخایەندا ئەنجام بدەین."

"فیل پاترسۆن" بەرێوەبەری بازاڕکردنی بەرهەمەکان لە بی پلان و بەرپرسی بەشداربوون لە پێشانگەکەدا وتی: " بە شێوازێکی نوێ بەشداریی ئەم پێشانگایەمان کرد و سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیشت."
شایانی باسە، کۆمپانیای بی - پلان، بەر لە هەفتەیەک، بەشدارییەکی سەرکەتووانەی پێشانگایەکی دیکەی کردووە لە کۆنفرانسی پەیمانگای بەرێوەبردن و چاودێریی تەندروستی لە بێلفاست. هەفتەیەک لە پاش پێشانگای سۆفتوێرەکە، زیاتر لە ١٠٠ کەس لەوانەی کە ئەپتۆسی بی پلان بە کار دەهێنن بەشدارییان لە دوو ڕۆژ کۆرسی گرووپی ئەپتۆس لە ئوتێلی "رۆیال کۆرت" لە کۆڤینتری کردووە.
بی پلان بە نیازە لە چەند هەفتەیەکی داهاتوودا بەشداریی دوو بۆنەی پیشەسازی دیکە بکات کە ئەوانیش پێشانگا و کۆنفرانسی ساڵانەی بەرپرسانی زانیاریی تەندروستییە لە بێرمینگهام لەگەڵ پێشانگا و کۆنفرانسی ڕێکخراوی بەرێوەبەرانی دارایی و چاودێریی تەندورستی لە لەندەن.


# Computer Repair Centre

## بۆ چاککردنەوە و فرۆشتنی کۆمپیوتەر

ئامادەیە بۆ چاککردنەوە و نوێکردنەوە (**Upgrade**) و سێرفسی هەموو جۆرە کۆمپیوتەر و پریتنەر و مۆنیتەری **Apple** و **PC** هەروەها **Software** و پرۆگرامی عەرەبی.
ئۆفیسەکەمان ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی لە کاتی ٩ تا ٦ کراوەیە و بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن، بە تەلەفۆن و فاکس و ناونیشانی خوارەوە، پەیوەندیمان پێوە بکەن.
**CRC** بە یەکێک لە سەنتەرە کۆنەکانی کورد لە ئەوروپا، لە بواری کۆمپیوتەردا، دەژمێردرێت.

**CRC is your specialist for Mac & PC sales & Repairs (Computers, Printers & Monitors).**
**Call us for the best offers for Hardware & Software.**

**Tel: 020 7624 2446 Fax:020 7624 8272 Web: www.crcentre.com**

ناونیشان:

**344 Kiburn High Road, London NW6 2QJ**